# جینۆساید

جینۆساید، وشەیەکی لێکدراوە، لە بنە ڕەتدا لە دوو وشە پێکهاتووە، یەکەمیان یۆنانییەو دووەمیش لاتینییە ( Geňos ) واتای ڕەگەز یان خێڵ یاخود بنەچە و ڕەچەڵەك دەگەیەنێ ، بەشەکەی تریش( Caedeř ) ی لاتینییە کە واتای کوشتن و لە ناوبردن دەدات . بەلێکدانەوەی هەردوو بڕگەکە واتای کوشتنی ڕەگەزی مرۆڤ بە کۆمەڵ و قڕکردنی دێت . جۆرەکانی جینۆساید بریتین لە :

## ١-جینۆسایدی فیزیکی (جەستەیی)

ئەمە ئاشکراترین و سادەترین شێوازی جینۆسایدە . کە بە کوشتن ، لەسێدارەکان ، گوللەباران کردن و زیندە بەچاڵ کردن یاخود بە هەر ڕێگایەکی تر لەناوبڕێن ، ئەم جۆرە قڕکردنە وەك لە هێرشە سەربازییەکان و بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی لە ناوبردنی وەك چەکی کیمیاوی و گازی ژەهراوی و چەکی فسفۆری ئەنجام دەدرێت یاخود بە گولەبارانکردن لە سێدارەدانی بە کۆمەڵ و زیندە بە چاڵکردندا خۆی دەبینێتەوە .

## ٢- جینۆسایدی بایۆلۆژی

لێرەدا مەبەست دروستکردنی رێگریە لە زیادبوون و پەرەسەندنی گروپێك، رێگە گرتن لە وەچەنانەوە لەرێگای نەزوککردنی پیاوان یان منداڵ لەباربردنی ژنان یاخود جیاکردنەوەی ژنان لە پیاوان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، وەك ئەوەی لە جینۆسایدکردنی هەشت هەزار کەس لە پیاوانی بارزانی لە ساڵی ١٩٨٣ ئەنجامدرا. هەروەها جیاکردنەوەی ژن و منداڵە ئێزدییەکان لە پیاوەکانیان لە ساڵی ٢٠١٤ لەلایەن (داعش) ەوە.

## ٣- جینۆسایدی کلتوری

مەبەست لەم جۆرە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی، شێواندنی مێژوو و رۆشنبیری و لەناوبردنی خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانی نەتەوەیەکە، جگە لەمەش تێکدانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و وێرانکردنی شوێنەوارە دێرینەکان دەگرێتەوە وەکو رووخاندنی پەیکەر و ئەشکەوت و مزگەوت و گەرماو و مۆزەخانە و کلێسا و بازار و هەموو شوێنەوارێک کە پاشماوەی کۆن یان نوێ بێت و بەرهەمی جۆری ژیانی ئەو خەڵکە بێت. یەکێک لە نموونە دیارەکانی ئەم جۆرە جینوسایدە لە تورکیای سەردەمی ئەتاتورکدا دەبینین کە ئەویش خۆی لە قەدەغەکردنی زمان، جلوبەرگ و ناوە کوردییەکاندا دەبینیەوە، بە جۆرێک کە نکۆڵی لە بوونی کورد لەو وڵاتە کرا و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی تواندنەوەی درا ئەم بارە بە جۆرێک لە جۆرەکان تا ئێستاش لەو وڵاتە بەردەوامی هەیە.

## ٤-جینۆسایدی ئابوری

ئەم جۆرەیان لە ڕێگای وێرانکردنی بنەما ئابووریەکانی خەڵکەکە دەکرێت، وەك لەناوبردنی سامان و بەروبومی سروشتی و تالانکردنی ماڵ و کەلوپەلی خێزانەکان، یان گەمارۆدانی گروپێك لە رووی ئابووری و برسیکردنیان، کە هۆکارن بۆ لەناوبردنی ناڕاستەوخۆ.کە زۆرجار لەناوبردنی بنەما ئابوورییەکان ناوچەیەک یان برسیکردنی خەڵکێک ناچاریان دەکات ئەو ناوچەیە چوڵبکەن کە لە بنەڕەتیشدا مەبەستەکە ئەوە بووە. نموونەی لەو جۆرە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا زۆرە. وێرانکردنی ٤٥٠٠ گوندی کوردستان لەسەر دەستی بەعسییەکان لە بیست و پێنج ساڵی کۆتایی سەدەی بیست نموونەیەکی بەرچاوی ئەم جۆرە جینوسایدەیە. هەروەها تەسفیرکردنی کوردانی فەیلی بۆ ئێران و دەستگرتن بەسەر موڵک و ماڵەکانیان لە کاتێکدا کە فەیلیەکان بەشێکی زۆری ئابووری شاری بەغدایان بەدەستەوە بوو.